# هونەرمەندی مەزن مامۆستا  قادر دیلان

## 1999/3/18 – 1928/5/24



فـەهـد گـردەوانـی ..مامۆستاقادر دیـلان..کـاوە بێسـارانـی..تێکۆشەرغەنی بلوریان

ڕۆژی 18ی ئاداری ساڵی **1999** یەکێک لە ئەستێرە گەش و پڕشنگدارەکانی هونەری کوردی مامۆستای هەردەم زیندوو و نەمر قادر دیلان ماڵئاوایی لە کوردستان کرد...هەردوو حکومەتی سلێمانی و هەولێر لەبەر تەنگوچەڵەمەی یەکتر بیریان نەکردەوە لاشەپیرۆزەکەی لەخاکی کوردستان بنێژن ... هەتا ئەمڕۆ لە پراگ بەبێ کەسی و دوورە وڵاتی  خەوتووە و بەناز ڕاکشاوە ...کەی کۆمەڵەی هونەرمەندان لە کوردستانی ئازاد دا ئاهەنگ و فیسیڤاڵی هونەری بۆ یادی ئەو مرۆڤە بەرزە پێسکەس دەکات ...کاتی خۆی کاک قادر دیلان بە ڕزگار ڕەنجەڕۆی هونەرمەندی گوتبوو **{{ ئەگەر مردم بمبەنەوە وڵات ، هەر هیچ نەبێت خۆڵەمێشەکەم بگەیەننەوە کوردستان و قەت لە چاکەتان دەرناچم. ئێوەش هەر بژین.}}...**کوردستان بۆ قادر دیلان یەک وڵاتە و پارچە پارچە نیە...لە سلێمانی و هەولێر و دهۆک گۆرانی و مۆسیقای پێشکەش بە جەماوەر دەکرد و یارمەتی کۆ دەکردەوە...بە دەنگە بە سۆزەکەی و ئاوازە ڕەنگینەکانی کارەساتی هەڵەبجەی ریسواکرد و شەهیدانی هەڵەبجەی لاواندەوە...کاک قادر دیلان ڕق و کینەی لە ڕژێمە فاشیەکەی بەعس بوو، لە ریزی حیزبی شیوعی عێراق و کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا لە تێکۆشان بەردەوام بوو...لە کۆبونەوەکانی کۆمەڵەی خوێندکاران وەکو براگەورەیەک ئەو مرۆڤە هونەرمەندە بەهرەدارە کۆبونەوەکانی بۆ دەکردینەوە و شەوانەش بە قورگە سیحراوییەکەی مەستی دەکردین..کاک قادر دیلان قەوانێکی دەرکرد و ئێستاکەش وا کەناڵی کوردسات بە مۆسیقای ئەو دەنگوباسەکان پێشکەش دەکات بەبێ ئەوەی یەک ڕۆژ ناوی کاک قادر دیلان بهێنی...شەوانە لە شیراتۆنی هەولێر و سلێمانی پەڵاس دۆلاری  هەژارانی کورد و شەهیدانی کورد نۆش دەکرێ و کۆنە بەعسی و زوڕناژەنی بەعس تێدا دەلەوەڕێ و کەچی تەرمە پیرۆزەکەی کاک قادر دیلانیش لە پراگ بەبێ ناز خەوتووە. ..

**تۆ نامری ئەی هونەرمەندی ڕاستەقینەی کوردستان...**

**تۆ هەردەم زیندووی ئەی تێکۆشەرەکەی هەندەران...**

**هاوڕێت فـــەهـــد گـــردەوانی 2006/3/15 ستۆكهۆڵم**

This document was created with Win2PDF available at http://www.win2pdf.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.